# هەڵەبجە.. دۆزینەوەی شوێنەوارێکی تەمەن پێنج هەزار ساڵ

## پرۆفسیۆر پیتەر میگلۆس: مرۆڤ بەر لە سێ هەزار ساڵی پێش زایین لەم شوێنە ژیاوەو بە شێوازێکی پێشکەوتوو کاروبارەکانی خۆی رایی کردووە





**خەبات_هەڵەبجەی شەهیدان**

سەرۆکی تیمێکی شوێنەوارناسی زانکۆیەکی ئەڵمانیا کە کنە و پشکنین لە گردی بەکراوای نزیک هەڵەبجە دەکەن رایدەگەیەنێت، کە ئەو گردە شوێنەوارێکی پێنج هەزار ساڵییەو ئەو شوێنەوارانەی دۆزیویانەتەوە تیایدا ئاماژەی سەردەمە جیاوازەکانی سۆمەری و بابلی و ئاشووری و ئەکەدی و کۆتایی سەردەمی ئیسلامیی دەکەن.

سەرۆکی تیمی شوێنەوارناسی زانکۆی هایدلبێرگی ئەڵمانیا، پرۆفسیۆر پیتەر میگلۆس کە تیمەکەی کاری کنە و پشکنین لە شوێنەواری ناوچەی بەکراوا دەکەن رایگەیاند "ئێمە بە پێی گرێبەستێکی حەوت ساڵە لەگەڵ حکوومەتی هەرێم کاری کنە و پشکنین لە شوێنەواری بەکراوادا دەکەین و توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم شوێنەوارە ئەنجام دەدەین، لێرە گەشتووینەتە کۆمەڵێک راستی زانستی لەسەر بوونی شارستانیەتێکی دێرینی پێنج هەزار ساڵ کە مرۆڤ لەم شوێنەدا و بەر لە سێ هەزار ساڵی پێش زایین ژیاوە و بە شێوازێکی پێشکەوتوو کاروبارەکانی خۆی رایی کردووە".

پرۆفسیۆر پیتەر میگلۆس گوتی: "لێرە شارستانیەتیەکی گەورە بوونی هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو کەرەستە و شوێنەوارانەی لە ئەنجامی کنە و پشکنین دۆزراونەتەوە، دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان بابلییەکان و و پاشان بۆ ماوەیەکی کەم سەردەمی ئاشوورییەکان و ئەکەدییەکان و دواتریش کۆتاییەکانی سەردەمی ئیسلام (سەردەمی عەباسی)، لێرە چەندین بەڵگەی جۆراوجۆری بە رێکردنی ژیانی ئاسایی مرۆڤمان دۆزیوەتەوە، هاوشێوەی مۆر و تاتە قوڕ و گۆزە و کەرەستەی جۆراوجۆری هاوشێوەی چەقۆ و خەنجەر و سەرەڕم و هیتر".



### بەڕێوەبەری شوێنەواری هەڵەبجە: تا ئێستا نەگەشتوونەتە ئەو زانیارییەی کە ناوی راستەقینەی ئەم شوێنە مێژووییە کە ئێستا پێی دەگوترێت بەکراوا چی بووە

لای خۆیەوە بەڕێوەبەری شوێنەواری هەڵەبجە، کاروان ئیسماعیل کە سەرپەرشتی بەشێکی پرۆسەی کنە و پشکنینەکە دەکات گوتی: "هەڵبژاردنی بەکراوا بۆ کنە و پشکنین لە لایەن ئەم تیمە ئەڵمانیەوە بۆ گرنگی زانستی شوێنەکە لە رووی شوێنەواریەوە دەگەڕێتەوە و دوای دەستپێکردنی کارەکانیشیان گەشتوونەتە ئەو بڕوایەی ئێرە مێژوویەکی شارستانی دێرینی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا".

گوتیشی: "رووبەری ئەم ناوچە شوێنەواریەی کە ئێستا کاری کنە و پشکنینی تێدا ئەنجام دەدرێت لە لایەن ئەم تیمەوە بە 13 هێکتار دادەنرێت کە رووبەرێکی فراوان بووە و دەتوانین بە شارێکی گەورەی حوکمڕانی دابنێین، بەڵام تا ئێستا نەگەشتوونەتە ئەو زانیاریەی کە ناوی راستەقینەی ئەم شوێنە مێژوویە کە ئێستا پێی دەگوترێت بەکراوا چی بووە".

بەڕێوەبەری شوێنەواری هەڵەبجە زانیاری دەربارەی ناوچە شوێنەواریەکانی تر هەڵەبجە خستە روو و گوتی: "لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە ژمارەیەکی زۆر ناوچەی شوێنەواریمان هەیە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا تۆمار کراوە لە سەرووی 150 ناوچەی شوێنەواریەوەیە، لە کاتێکدا ئەگەر بێت و رووپێوێکی زۆر ورد بکرێت بە هەموو ناوچەکەدا، دڵنیام لە سەرووی 200 ناوچەی شوێنەواریەوە دەبێت".

# دوای 30ساڵ دەستدەکرێتەوە بە چاندنی تووتن

# ئەگەر هەیە لە ساڵانی داهاتوودا جووتیارەکان رووبکەنەوە چاندنی تووتن

**خەبات / سەید محەمەد سەروچاوەی**

به درێژایی مێژووی سەر هەڵدانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان تووتن یەکێکبووە لەو بەرهەمانەی کە هەمیشە جوتیاران پشتیان پێبەستووە. ئەمەش لە بەر ئەوە بووە کە هەمیشە نرخێکی باشیکردووە و لە فرۆشتنیشدا خێرا بووە، بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو کە لە هەرێمی کوردستاندا تووتن نەدەکرا لە ئێستادا لە ناوچەکانی خۆشناوەتی و شاورە دوای سی ساڵ دەست دەکرێتەوە بە تووتن چاندن.

بۆ زانیاری زیاتر (رۆژنامەی خەبات) سەردانی گوندی (زێوە)ی سەر بە(ناحیەی بێتواتە)ی کرد.

جووتیار "مەهدی هادی" دەڵێت: ماوەی زیاتر لە( 30 ساڵ) بوو بەرهەمی تووتن بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان وەستا بوو، بەڵام ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لە چەند ناوچەیەکدا دەستپێکردۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە لە ئێستادا بەرهەمەکانی وەک (تەماتەو خەیار) نرخێکی وا ناکات و جووتیار هەمیشە زیانمەند بووە، هەر چەندە ماندووبوونێکی زۆری هەیە، بەڵام هەمیشە تووتن پارەیەکی باش دەکات.

تووتنی (زێوە و هەرتەل و دۆڵی ئاکۆیان) بەناوبانگترین تووتنە لە عێراقدا. هەمیشە نرخی زیاتر بووە لە شوێنەکانی تر.

تووتنی ئێرە بە شیشەوە دەکرێت

تووتنی ئێرە بە شیشەوە دەکرێت و زۆربەی زۆری تووتنەکە بۆنداره و برژەیە و ناوبانگێکی گەورەی دەرکردووە و بۆیە نرخێکی باش دەکات، لەوانەیە لە ساڵانی داهاتوودا زۆربەی جوتیارەکان روو بکەنە چاندنی تووتن.

بەهۆی (ئاوو هەواو سرووشتی) ناوچەکە باشترین تووتن لێرە دێتە بەرهەم . ئێستا کە وەرزی پێوەرکردنی تووتن بە شیشەوەیە، یەکەمجار لێیدەکرێتەوە و دووەمجار بە شیشەوە دەکرێت، ئینجا بۆ ماوەیەک دادەنرێت و پێیدەگوترێت تەرە، تاوەکو وشکدەبێت، ئینجا دەخرێتە فەردەو ئامادە دەبێت بۆ فرۆشتن. لە ئێستادا نرخەکەی کیلۆی -5-40هەزار دینار دەکات و کڕیارێکی زۆریشی هەیە، بۆیە جوتیاران زیاتر ئارەزووی ئەو بەروبوومەن کە کڕیاری زۆر بێت و لە فرۆشتندا خێرا بێت. بەناوبانگترین ناوچەش بۆ تووتنکردن (زێوە و هەتەل و وەرتێ و شاورەو دۆڵی باڵەییان)ن، ئەمەش بەهۆی ساردی ناوچەکە و کەش و هەواکەیەتی .

### مەهدی هادی: ماوەی زیاتر لە 30 ساڵ بوو بەرهەمی تووتن بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان وەستا بوو، بەڵام ئەمساڵ بۆ یەکەمجار لە چەند ناوچەیەکدا دەستپێکردۆتەوە



